## دەبی جەماوەری مەحرومی عیراق و دنیای متەمەدن بە شیعاری (نا بۆ سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکا، نا بۆ رژیمی درندەی بەعس) بینە مەیدان!

عبداللە مەحمود
abdollamahmud@yahoo.com

ئەم ماوانەی دوای سەرجەم دام و دەزگا پان و پۆرەکانی راگەیاندنی بورژوازی لەسەراسەری دنیادا سەرقالی قسەوباس لەسەر هیرشی و حەملەی ئەمریکا بۆسەر عیراق و ئەو ئالوگۆرانەن کە ئەمریکا لە عیراقدا بەدواوەیەتی، زەمینە سازکردن و خۆل کردنە چاوی رای گشتی دنیا لەلایەن دەزگا راگەیاندنەکانی ئەمریکاوە بەئەندازەی ئەو جەنگەی کە ئەیەوی دایبسەپینیتە سەر عیراق و ملهوری و عەسکەرتاریەت و بالادەستی تاقانەی خۆی بپاریزیت، کەسیف و بی ناوەرۆکە.

١/ئیدعای وەستانەوە بەرووی تیرۆریزمدا :بەدەستەوەگرتنی ئەم ئیدعایە جگە لە بەدەستەوەگرتنی لاشەی لەخاك وخوین هەلکیشراوی هەزاران ئینسان وبە بارمتەگرتنی روحیەی نەفرەت ئامیزی جەماوەری ئەمریکا لەم رووداوە کە لەسەردەستی ئیسلامی سیاسی پەروەردەکراوی ئەمریکا ئەنجام درا و کرایە بیانویەك بۆ ملهوری نواندن بەسەر بەشەریەتی ئەم سەردەمەو بۆ تەسلیم کردنی تەواوەتی رەقیبە ئابوری و عەسکەریەکانی و خامۆش کردنی دەنگە بەرهەلستکارەکانی زیاتر شتیکی تر نیە. ئیسلامی سیاسی (تیرۆریزمی ئیسلامی) لە بنەرەتدا لەسەر دەستی ئەمریکاو غەرب پیی گرت و وەکو چەکیك لەبەرامبەر چەپ و کۆمۆنیزم و بلۆکی سۆفیەتی پیشودا بەهیزکرا و بەدوای ئەمەشدا لە ئاکامی بن بەستی ناسیونالیزمی عەرەب لەوەلام بە گرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی و بەتایبەتیش بن بەست و سازشکاریان بۆ دەولەتی ئیسرائیل لە پەیوەند بەکیشەی فەلەستینەوە ئەم ئیسلامی سیاسیە کەوتە چنینەوەی ئەم بۆشایانەو ئیدعای دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوەگرت و میکانیزمی خۆمەتەرەح کردن و گەیشتن بەدەسەلاتیشی لەریگای تیرۆرو تۆقاندنەوە کردە پلاتفۆرمی ناسراوی خۆی. هەروەها دەسەلاتی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی بەپیی کۆنفراسی (گوادلۆف) ولەسەر پیشنیاری غەرب و ئەمریکا بۆ سەرکوتی شۆرشی ئیران ئیستراد کرا، سەرکوتی شۆرش بە لەخوین هەلکیشان و قەتل وعامی کۆیرانەی ئیسلام وتیرۆریزم توانی دابسەپیت و ببیتە سەرچاوەی ناردنی دەستەو تاقمی ئیسلامی بۆ وولاتانی عەرەبی بۆ میسرو لوبنان بۆ فەلەستین و سوریاو جەزائیرو سودان (حزب اللەو جیهاد ئەمەل وحەماس... . .) . تاد، لەهەرکام لەو وولاتانەدا قوتکرانەوە و سەربرین و قەتل و عامیان کردە کردەوەیەکی رۆژانەو ئاشکرا لە تەواوی ناوچەکەدا دەسەلاتی تالبانیش بەهاوکاری غەرب و بەتایبەتیش ئەمریکا لە ئەفغانستان داسەپینرا و لەدریژەی رەوتیکی ئاوادایە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی بەپشتیوانی جمهوری کۆنەپەرستی بەدەسەلات گەیشتو دەبیتە ئۆردویەکی تیرۆر، هاوکات تیرۆرزمی دەولەتی ئیسرائیل لە بەرامبەر خەلکی فەلەستیندا و بە بەرچاوی دنیاوە بە پشتیوانی و دەست ئاوەلاکردنی ئەمریکا بەریوە دەبریت و ئیسلامی سیاسیش مایەی ئیدامەکاری خۆی لەپەیوەند بەو مەسەلەیەوە دەباتە پیشەوە، بەلام ئەگەر ئەمە لایەنیکی ئەم ئۆردووە دژی ئینسانیەی تیرۆرە، ئەوا تیرۆریزمی دەولەتی ئیسرائیل بەپشتیوانی ئەمریکا و تیرۆریزمی ئەمریکی کە لەژیر ناوی جیاجیادا لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا بەریوە براوە چ بە هینانە سەرکارو لایەنگری دەسەلاتە دیکتاتۆری و ئیستبدادیەکان و چ بە بەکارهینانی چەکی ئابلۆقەی ئابوری وەکو گەورەترین چەکی جینۆسایدکردنی ئینسان لەکاتیکدا خودی دام ودەزگاکانی بۆرژوازی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی ئاماری کوشتاری بی وینەی منالان و خەلکی ستەمدیدەی لەبەردەستدایەو لەزمانی زۆریك لەبەرپرسانی ئەمریکاشەوە ئەم کارەساتە راگەیەنراوە کەچی هەروەکو چۆن ئیسلامی سیاسی بەشانازیەوە بەرپرسیاریەتی سەربرین وکوشتار دەگرنە ئەستۆو دیفاعی لیدەکەن ئەمریکاش بەهەمان شیوە دریژە بەو کوشتارو داروخانەی شیرازەی کۆمەلگای عیراق دەدات. . . ئۆردوی تیرۆریزمی دەولەتی یە کە دەولەتی ئەمریکا لەسەر



www.kurdistannet.org

رەئیسەکەی وەستاوە، دەست کۆتاکردنی ئەمریکا لە وەریخستنی تیرۆریزمی دەولەتی خۆی هەنگاویکە بەرەو لە بەین بردنی تیرۆریزم بەگشتی. هەردوو ئۆردوی تیرۆر دژی بەشەرین و بۆیە ئیدعای دژی تیرۆری ئەمریکا لە خۆراکیکی جەنگی و بیانویەکی بیناوەرۆك بۆ ملهوری نواندنی زیاتر هیچی ترنیە.

٢/ ئیدعای لەبەین بردنی چەکی کۆکوژو قەدەغەکراو :پاساوی ئەمریکا بۆ وەری خستنی جەنگ لە ناوچەکەو عیراقدا بوونی چەکی کۆکوژو خەتەری عیراقە بۆ سەر وولاتانی دراوسی ودنیا و کەدەیەوی دنیاش بەوە قانع بکات. ئەو ئیدعایەش لە ئیدعای وەستانەوە بەرووی تیرۆردا بی ناوەرۆك ترە. دیارە کەس گومانی لەدرندەیی رژیمی بەعس و بوونی چەکی کۆکوژو بەکارهینانی ئەم چەکەش لە جەنگی عیراق_ئیران و لە جەنگی داسەپینروی بەسەر خەلکی کوردستان و لەهیرشی بۆسەر هۆرەکانی خواروی عیراقدا نیە. ئەوەی کە لەبەرامبەر بەکارهینانی ئەو چەکە کۆمەلکوژانەی عیراقدا چ لەشەری عیراق ئیران وچ لە لەشەری لەدژی خەلکی کوردستاندا بی دەنگەی کردو لاشەی لەکیمایی هەلکیشراوی هەلەبجە بۆی جیگای باسیش هەر ئەو ئەمریکایە بوو، وە هەر دەولەتی ئەمریکایەکەم دەولەتە لەدنیادا کە چەکی ناوکی بەسەر خەلکی دووشاری یابان و. . . . . . . . داباراند کە تا دەیان سالی تریش ئاسەواری کۆتایی نایەت. وە دەیان دەولەت لەدنیادا خاوەنی چەکی بیۆلۆژی وکیمیایی و ئەتۆمین وتەنانەت دەیان دەولەتیش خەریکی پیشبرکیی ئەو چەکانەن و عەمباری چەکی گەورەی کۆکوژیان هەیە و خودی ئەمریکا خاوەنی گەورەترین ئەنباری چەکی بیۆلۆژی و کیمیایی و ئەتۆمیە. وە بەگشتی بەشەریەتی ئەم سەردەمە لە بەردەم خەتەری بەکارهینانی چەکی کۆکوژدایە لەلایەن وولاتانی زەبەلاحی بۆرژوازیدا.

- *هۆکاری وەری خستنی شەرو ملهوری ئەمریکا لەدژی عیراق لەچیدایە؟*

ریشەی ملهوری نواندنی ئەمریکالە بەرامبەر دنیادا لە پاراستنی دەوری هەژمونی و بالادەستی و سیاسی وعەسکەری ئابوریەکەیدایە، ریشەی لە مل پیدانەواندنی ئەوروپای یەکگرتوو بەتایبەت ئەلمانیاوهاوکات یابان و صین وەکو قودرەتی زەبەلاحی ئابوری و سیاسیدایە کە ئەمریکا لەریگەی بەدەستەوەگرتنی بالادەستی عەسکەریەوە دەیەویت تەزمینی بالادەستی ئابوری و سیاسی یەکەی بەسەریاندا بسەپینیت.

کارەساتی ١١ی سیبتەمبەری ئە مریکا کە لەسەردەستی ئیسلامی سیاسی پەروەردەکراوی دەستی دەسەلاتداریتی ئەمریکاو غەرب ئەنجام دراو بەهەزاران ئنسان تیایدا بوونە قوربانی، وە ئەم رووداوە فرسەتیدایەوە بە ئەمریکا تا ملهوری و هەوسارپچراوی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دریژە بدات و ئەو رەوتە بەسەر ئەنجام بگەیەنی کە بەجەنگی کەنداو دەستی پیکرد. هەراوهۆریای وەستانەوە بەرووی تیرۆردا کرایە رووپۆشی شەرعیەتدان دانەوە بۆ بەرەسمی ناسینی بالادەستی ئەمریکا. روداوی ١١ی سیبتەمبەر هۆلی پەرلەمان و وەزارەتخانەکانی وولاتانی دنیای دایەوە بەیەکداو بۆ ماوەیەکی کورت لەسەراسیمەی سیاسی و ئابوری خۆیانی خستن وبە قەولی هاوری (منصور حکمەت) بە بەلی قوربان پیشوازیان لە شەری دژی تیرۆریزمی ئیسلامی کرد و لە پال بانگەواز و رینوینی بۆشدا وەستان، ئەفغانستان وەکو لاوازترین وولاتی دنیاو کرایە دەروازە و فلتەری ملهوری نواندنی دەورەی دواتری ئەمریکا و عیراق و کۆریاو ئیرانیش خرانە لستی دووەمی مەرحەلەی دوەمی هیرشی ئەمریکاوە، وەسەرکەوتن لەمەرحەلەی یەکەم بەسەر دەسەلاتی مەلا عومەرو تالبان !!ئەمریکای تائەو رادەیە مەست کرد کە لەپال ئیدعای وەستانەوە بەرووی تیرۆریزمی ئیسلامیدا لە ئاستیکی فراواندا شەرعیەتی دا بە تیرۆریزمی دەولەتی شارۆن تا بەوپەری وەحشیگەریەوە قەتلو عامی خەلکی فەلەستین بکات و تەنانەت ئاسۆیەك بۆریکەوتنامەکانی ژیر سایەی خودی ئەمریکاش نەهیلیتەوە، وەئەمە لەلایەکەوە رەوتی ئیدعای وەستانەوە بەروی تیرۆری ئیسلامی دا بەخیرای بەرەو خوار هیناو گولە بەهارەی ئەمریکای هەلوەراند، نەفرەت و نارەزایەتیەکی فراوانی جیهانی حکومی و غەیرە حکومی بەروی شارۆن و ئەمریکای هاوپەیمانی بەدواخۆیدا هینا، لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی دوەم و مەرحەلەی دووەمی هیرشی بۆسەر عیراق خاوکردەوەو مەسەلەی فەلەستین و رووداوەکانی بۆ ماوەیەك جیگایان گرتەوە.

بەلام ئەمریکا هەروەکو زوو رای گەیاند بوو شەری دژی تیرۆر هەم دریژماوەیەو هەم بوعدیکی فراوانی هەیە. ناکامی سیاسەتەکانی ئەمریکاش لەبەرامبەر رژیمی بەعسدا بەدریژایی ١١سال ئەم مەلەفەی بەکراوەی هیشتبۆوە، قەرەبووی کردنەوەی ناکامیەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر بەرژیمی عیراقدا، چ وەك پەردەی دووەمیی جەنگی کەنداو چ وەك پەردەی دووەمی شەر لەگەل تیرۆردا بۆ ئەمریکا بۆتە پیداویستەکی لەدواخستن نەهاتوو، پیداویستیەك کە ئەمریکا بەیەکلاکردنەوەی کیشمە کیشی خۆی لەگەل عیراقدا دەتوانی هەم ناکامیەکانی قەرەبوو بکاتەوەو هەم بوعدی شەر لەدژی تیرۆر نیشانبدات و بەم کارەش زامنی دەخالەتگەری خۆی لە ناوچەیەکی ئەزمەگرتوو پرکیشەی وەکو خۆرهەلاتی ناوەراستدا بکات و بە رەقیبەکانیش لەسەر ئاستی ئەوروپاو دەرەوەیدا سەرسەختی توانایی ملهوری نواندن نیشان بدات. بە دیار یکراوی ئەمریکا لە عیراقدا خەریکە قەرزە کۆنەکانی بەسەر دەکاتەوە، بەمانایەکی تر هەرەشەی ئیستای ئەمریکا راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ململانی نیوان ئەمریکاو رژیمی بەعس کە زیاتر لە ١١ سالە دریژەی هەیە. ئەمریکا بۆ پابەند کردنی عیراق بە بریارەکانی ئەمریکاو مجلس ئەمن لەدوای جەنگی کەنداوەوە گەمارۆی ئابوری، بۆردومانی چروپر، هینانو بردنی تیمەکانی پشکنین، جیاکردنەوەی ناوچەکانی دژەفرین و بۆردومانی هەموو رۆژە، دانانی ناوچەی ئارام و لەکۆمەلگا خستنی کوردستان، قوتکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنیکی بی مایەی بۆرژوازی بی پایەگاو دژی ئینسانی، هینانی یاسای رزگارکردنی عیراق. . . تاد. وەکو سیاسەت و پلانی تەسلیم کردنی رژیمی بەعس بەدەستەوە گرت. ئەم پلان و سیاسەتانەی ئەمریکا دوای ئەم ١١سالە ناکام مانەوەو نەك نەیتوانی رژیمی بەعس تەسلیم بکات، بەلکو زۆریك لەو دەولەتانەی لە جەنگی کەنداودا لەپال ئەمریکادا وەستان و ئیمزای زۆریك لە سیاسەتەکانی ئەمریکا یان کرد لە بەرامبەر زۆریك لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا مخالەفەتیان هەلبژارد ئەمە لەخودی مەجلس ئەمنەوە تا زوربەی وولاتانی ئەوروپایی و وولاتانی عەرەبی، لە ئاکامی ئەمەدا ئابلۆقەی ئابوری بەرەو داخوران ئەرۆشت، ناوچەکانی دژە فرین بوو بەکاریکاتیریکی ئەمریکاو بەریتانیا، باسی تیمەکانی پشکنین هەلپەسیردرا، یاسایی رزگارکردنی عیراق هەرزوو بە باداچوو، پاسەوانانی کۆمەلگای ئاوەرەیی کوردستان مەیلی گەرانەوە بۆ لای بەعسیان کردە دروشمی ریزنان لە یەکپارچەیی خاکی عیراق، وەشاندنی گورزی سەربازی ناوبەناو بوو بە جیگای نارەزایەتی فراوان، سەرئەنجام ئەم ململانی یەی ئەمریکا لەگەل عیراق بەقازانجی رژیمی بەعس وەرچەرخا و هەم سدام حسین مایەوە و هەم لەو تەریك بوونەی لە کۆری نیودەولەتیدا تادەهات بەرەو پوکانەوە دەچوو. ئەوەی لەو نیوەدا گەورەترین گورزی بەرکەوت جەماوەری مەحرومی عیراق و بنەمای ئابوری و مەدەنی و خەدەمی و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان بوون. جگە لە بەقوربانی بوونی سەدان هەزار ئینسان بەهۆی سیاسەتی گەمارۆی ئابوریەوە، جگە لە بەقوربانی بوونی هەزاران ئینسان بە بۆمبابارانی فرۆکەکانی ئەمریکاو بەریتانیاوە، جگە لە لەکۆمەلگا خستنی کوردستان و کردنی بەکەمپیکی ئاوەرەیی و دەخالەت پیدانی وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە تیایدا، بەکورتی هەرکام لەو سیاسەتانە وەکو ئەژدیهایەکی هەزار سەر بەردرانە جەماوەری مەحرومی عیراق. رژیمی هارو درندەی بەعسیش هەرکام لەو پلان وسیاسەتانەی ئەمریکای وەکو وەسیلەیك بەدەستەوە گرت بۆ توند کردنەوەی سەرکوتی بیمافی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی، بۆ داسەپاندنی فەزای شەرو میلتاریزم بەسەر کۆمەلگادا. هاوکات برسیتی و بیکاری و محتاجی سەرەتاییترین پیداویستیەکانی بەریچونی ژیان بوون، ئاستی چاوەروانی و روحیەی خەباتکارانەی خەلکی نارازی پاشەکشە پیکرد و دەستی رژیمیشی چەند بەرابەر بۆ سەرکوت و بیماف خەلکی عیراق ئاوەلاکرد. ١١ی سیبتیمبەر جاریکی تر بوو بەمایەی ئەوەی مەلەفی عیراق بیتەوە سەر شانۆی سیاسی دنیاو ئەمریکا تەسفیە حسابی خۆی لەوبارەیەوە تەواو بکات و قەرەبووی ناکامی سیاسەتەکانی رابردووی بکاتەوە.

نەخشەو پیلانی ئەمریکا بۆ هیرش بۆسەر عیراق و تەنانەت ئالوگرکردنی دەسەلاتی ئیستا بەدەسەلاتیکی تری جی دلخوازی ئەمریکا ریشەی لەو هۆکارانەدایەو فاکتەری ئەسلی ئەو شەرەن کە ئەمریکا دەیەوی بیکاتە دیاری سەرەتای ئەم هەزارەی سی یەمە. وسەرکەوتنی ئەمریکا لەو شەرەنگیزی و ملهوریەدا زەمینەی سەرکوتی هەموو بزوتنەوەی کریکاریو جەماوەری لە سەراسەری دنیادا بۆدەورەیەکی تر فەراهەم دەکات.

www.kurdistannet.org

ئەو جەنگەی بەریوەیەو ئەمریکا هەموو هەولیکی بۆی خستۆتەگەر تا بەرپای بکات شەر نییە لەدژی دیکتاتۆریەت شەرنیە بۆ گۆرینی رژیمی سەرکوتگەرو ئیستبدادی قەومی بەعس و هینانە سەرکاری حکومەتیکی مۆدیرن یان دیموکراتی. دەخالەتی ١١ سالەی ئەمریکا لەعیراقدا لەژیر هەموو بیانوەکاندا راستەوخۆ خەلك و کۆمەلگای عیراقی کردۆتە نیشانەو قوربانی، هەرەشەی ئەو شەرەش کە ئیستا ئەمریکا سەرقالیی وەریخستنیەتی لەدریژەی هەمان رەوەندایەو گۆشەیەکی ترە لە نمایشی ئەنجامدانی تاوانکاریەکی گەورەی میژووی تر لەدژی خەلکی عیراق.

سەرەتاکانی ئەم نمایشە خویناویە ئاشکران. ئەمریکا بۆداسەپاندنی ئەم ملهوریە سەرباری نارەزایەتی و مخالەفەتی جەماوەری ملیۆنی دنیا و مخالەفەتی ئەوروپا سەرباری مخالەفەتی مەجلسی ئەمن سەرباری مخالەفەتی زوربەی وولاتانی عەرەبی وەسەرباری مخالەفەتی زۆریك لەگەورە بەرپرسانی سیاسی و عەسکەری و دیبلوماسی و تەنانەت سەرباری مخالەفەتیك کە لەگۆنگریسی ئەمریکدایە، ئەمریکا وبەچکە بۆشەکەی خەریکی هینانی پاساون بۆ زەرورەتی داسەپاندنی ئەم شەرە و ئەوەتا دەلین"پیویستمان بە یارمەتی دەرەکی نیە و بی کۆمەك وپشتیوانی دەرەکی شەر لەدژی عیراق دەکەین"دەلین بریار وەرگرتن بۆ هیرشکردنە سەر عیراق پیویستی بە موافەقەتی کۆنگریس نی یە". . . تاد. بە پلەی یەکەم تەئکید لەسەر ملهوری نواندنی عەسکەری ئەمریکایە ئەگەر بەتەنهاش بمینیتەوە، ئەمە جگە لە هەرەشەیەکی ئاشکرا لەدنیای مخالەفەتی خۆی هاوکات نمایشی قدرەت نیشاندانە. و تەداروکی عەسکەری بۆ شەر دەستی پیکردووەو بەپیی راگەیاندنەکانی دنیاش تەنها مەسەلەی دیاری کردنی کات ماوە. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عیراقیش بەهەموو بال و لقەکانیەوە وەکو کۆکتیلیك لە ئەلتەرناتیف و بەرنامەی جیاواز بەستەوەگیراون تا دەوری نوینەرایەتی ئایندەی عیراقی دوای صدام حسینیان لە هەمان نیزامدا پیبریت یان ئەگەر وەزع لەوە زیاتر رۆشت وکار بە تەسلیم بوونی دەسەلاتی بەعس گەیشت و لەمەیدان کرانە دەر بە پشتیوانی ئەمریکا بکرینە ملۆزمی سەر دلی خەلکی عیراق و پەیامە رەشەکەیان دابسەپین و ببنە دیوەزمەیەکی تری دوای بەعس. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازیە پیك هاتوە لە مەجلس ئەعلی ئیسلامی کە لە ژیر عەبای ئاخوندەکانی ئیراندا تادوینی کاری تیرۆرستی وتەقاندنەوەو ساروخ بارانی خەلکی عیراقیان وەکو ریگای خۆمەترەح کردن پیادە دەکردو ئیستاش دەیانەوی وەکو نوینەری داسەپاندنی ئەلگۆی دەسەلاتی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی لە عیراقدا بەریوە بەرن، گەورە جەلادانی سەربازی هەلاتوی دوینی بەعس بەشیکی تر لەو ئۆپۆزیسیۆنەیە کە تا ئانیشك دەستیان سورە و بەخوینی خەلکی عیراق و شاگردی دەستی هەمان نیزامی بەعسی قەومین، ناسیونالیزمی کوردیش بە جیا لەوەی تائیستا خۆیان کیشەکانی نیوان خۆیانیان لەسەر دەسەلات یەکلانەکردۆتەوە، وە سەرباری ئیدعاکانیان بۆ هاوهەلویستی سەبارەت بە رەوتی روداوەکانی داهاتوو ئامانجیان لەدەست نەدانی ئەو دەسەلاتەی کە پییان براوە ئەمە هەدەڤ ئەسلیانەو سویند خواردنیان بە یەکپارچەی خاکی عیراق و بەدەستەوەگرتنی شیعاری فدرالیزم راستەوخۆ بەدەستەوەگرتنی ئەلتەرناتیفیکی کۆنەپەرستانەیە لەبەرامبەر خواستی خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆییدا، دیارە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد لە رەوتی روداوەکانی داهاتودا ناتوانی دەوری چارەنووس سازی لەسەر ئاستی عیراق هەبیت و بەشی شیر بەریت بەلکو مانەوەو دریژەپیدانی دەسەلاتی داسەپاویان دەخاتەوە بەردەم پیناسەی رووداوە سەراسەریەکان، ئەمە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەو ئەو بدیلانەیە کە هەیانە کە یەك لەیەك کۆنەپەرستانە ترن و ئەمریکاش دەیەویت ئەمانە وەکو نوینەری خەلکی عیراق نیشان بدات بەوینەی هیزەکانی تەحالوڤ باکوری ئەفغانستان. تەرحی فدرالیزەکردنی عیراق لەسەر بنەمای قەومی و دینی یان دەسەلاتی عەسکەرتاریەتی جەنەرالە عەسکەریەکان، ئەلگۆی جمهوریەکی ئیسلامی مەجلس ئەعلی و یان تەرحی فدرالی ئەحزابی قەومی کورد، وە هەرەشە و ملهوری نواندنی دەولەتی تورکیا و ئامادەباشی بۆ دەخالەتی عەسکەری و خۆمەلاسدانی جمهوری ئیسلامی ئیران بۆ هیرش و نواندنی دەوری کۆنەپەرستانەی هەمویان بەمانای وەریخستنی شەرو کوشتاری قەومی ودینین و هەلگری سیناریۆیەکی رەشن بۆ داسەپاندنی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا. لاواندنەوەی ئەمانەو بەدەستەوەگرتنیان لەلایەن ئەمریکاوە لەلایەکەوە هینانی

سیبەری ئەو سیناریۆیەو لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرگرتنە بە هاتنە مەیدانی ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری عیراق لەپیناو دەست راگەیشتن بە ئازادی و ئایندەیەکی شاددا.

بەلام ئەگەر ئەمانە هەموویان لایەنیکی شەرن لە بەرامبەر خەلکی عیراق و ئایندەکەیدا، ئەوا رژیمی بەعسیش لایەنیکی راستەوخۆی شەرو کوشتارە بەسەر خەلکی عیراقدا. درندایەتی وهەوسارپچراوی ئەم رژیمە نەك بۆ خەلکی ئەمریکاو غەرب ودنیای عەرەب بەلکو بۆ خەلکی عیراق بەگشتی میژوەکەی بەئەندازەی دەسەلاتەکەیەتی و ئەو میژووە رەشە کە ئەم رژیمە تۆماری کردووە میژووی سەرکوت وبیماڤ، شکەنجەوئیعدام، زیندان وگوللەبارانکردن، ئاوارەیی وشەر، گۆری بەکۆمەل و ئەنفال، کیمیاباران و تیرۆر، یاسای کۆنەپەرستانەی سەرچاوەگرتوو لە ئیسلام و میلتاریزم. . . . تاد.

ئەم رژیمە هارەی سەرمایەی بەو میژوەیەوە کە هەیەتی لایەنیکی کیشمەکیشە لەگەل ئەمریکادا و لە ژیر ناوی دیفاع لەسیادەی قەومی و نیشتمانیدا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ پاراستنی دەسەلاتە رەشەکەی. رژیمی بەعس سەرباری ملهوریو دیکتاتۆریەتەکەی ١١سالە لە چوارچیوەی کیشمەکیشی خۆی لەگەل غەرب وئەمریکا خەلکی عیراقی بەبارمتەگرتووە، فەزای کۆمەلگای میلتاریزەکردووە و کردویەتیەتە سەربازگەیەکی گەورە، پەرەی داوە بەکۆنەپەرستی ئیسلامی وسەربرینی ژنانی لەژیر ناوی شەرەفدا بەدەستەوەگرتووە، هەموو داواو داخوازی و نارەزایەتیەکی کریکاری و جەماوەری بە بیانوی دەسیسەی ئەمریکاو زایۆنیزم لەخوین کیشاوە، لەژیر ناوی حالەتی شەر لەگەل ئیسرائیل و ئەمریکادا زوربەی خەلکی عیراقی راپیچی سەربازگە زۆرە ملی یەکان کردووە، ئابلۆقەی ئابوری ئەمریکای وەکو چەکیك بۆزیاتر برسیکردن و محتاج کردنی خەلکی بەدەستەوەگرتووە و شانی خۆی لە وەلام بەسەرەتایی ترین پیداویستی کۆمەلگادا خالی کردۆتەوە.

وائیستاش لە ژیر ناوی وەستانەوە بەرووی ئەمریکادا کۆمەلگای عیراقی دابەش کردۆتە سەر سی مقاتعە (جنوب و وەسەت و شیمال) ی رووبەروبونەوە و بۆ هەرلاکام لەو مقاتعانە جەلادیکی جیمتمانەی پاراستنی دەسەلاتەکەی داناوەو تەواوی شارەکانی ژیردەسەلاتی بەتەوواوەتی میلتاریزەکردووەو شوینی کارو ژیانی خەلکی کردۆتە سەربازگە و خالی رووبەروبونەوە، بەکردەوە خەریکە خەلکی عیراق وەکو چەکی رووبەرووبوونەوە تەیار دەکات. هاوکات فەزای ترس و تۆقاندنی بەسەر تەواوی عیراقدا داسەپاندووە تا بەربگریت بە ئەگەری هەر نەفرەت و خرۆشانیکی جەماوەری.

وە بەتەجروبە ئەمەش سەلماوەچ رژیمی عیراق و چ ئەمریکا و ئۆپۆزیسیۆنی ئالقە لەگویکەی بۆ مەبەستەکانی خۆیان باکیان لەوە نیە چ بەسەر خەلکی عیراق وکۆمەلگاکەی دیت. وەبەپیی راگەیاندنەکانی جۆرج بۆش و ئیعلامی دنیاش شەریکی گەورە وەکۆنەپەرستانە بەکردەوە لەدژی خەلکی عیراق بەریوەیە و ئەگەر بەری پینەگیریت کارەساتیکی گەورەی ئەم سەردەمە دەخولقیت کە بەدەیان و سەدان هەزار ئینسان تییادا دەبنە قوربانی و کۆمەلگایەکی گەورەی بیست ملیۆنیش خاپوردەکریت.

***<u>بزوتنەوەی دژی شەر دەبیت بیتە مەیدان.</u>***

هەرەشەو ملهوری ئەمریکا لەدژی عیراق مەحکومە، شەریك کە ئەمریکا ئەیەویت دای بسەپینیتە سەر عیراق چ لە حالەتی تەزمین نەبوونی پیداویستیە کانی هیرشی زەمینی فراوان و ممکین نەبونیدا بۆمبابارانی چرو پری هەوایی یە لە دژی خەلکی عیراق و بنەما ئابوری و مەدەنی و خزمەتگوزاریەکان، بەو هۆیەشەوە کە عیراق ئامادەباشی بۆ دیفاع لەدەسەلاتی خۆی لەریگای بەرگری کردن لە شارەکانەوە و لەشوینی ژیان و کاری خەلکیدا هەلبژاردووە و خەلك دەکریتە چەکی روبەروبوونەوەو بی گومان هەرچەشنە هیرشیکی ئاسمانی ئەمریکا راستەو خۆ خەلك دەکاتە نیشانەو قوربانیانی بە پلەی یەکەم ئەوان دەبن، خۆ ئەگەر زەمینەی هینانی هیزی زەمینی لە لەلایەن ئەمریکاوە دابین بیت ئەوکاتە هیرشی زەمینی ئەمریکا بەهاوکاری هیزی ئاسمانی دیسان بە پلەی یەکەم خەلك و کۆمەلگای عیراق دەبنە سوتەمەنی ئەم شەرە، ئیحتمالاتی هینانی بریاریکیش بۆ راگرتنی هیزەکانی ئەمریکا و لە سەر سنورەکان و بەتایبەت جیگیر کردنیان لەو ناوچەیەیی پیی دەلین (ناوچەی ئارام) بەمەبەستی چاودیری کردنی کاری تیمەکانی پشکنین (ئەگەر عیراق بی قەیدو شەرت ناچاربکریت ملی پیبدات و هەرەشەی شەر بەمانا عەمەلی و رەسمیەکەی روونەدات) دیسان ئەمە بەمانای

دریژەدانە بەدەخالەت و ملهوری بۆ دەورەیەکی دریژ ترو ئامادە باشی بۆ تەداروکی نهای بۆ یەکلاکرنەوەی پەروەندەی عیراق. لە هەموو ئەوحالەتانەدا چ لەلایەن ئەمریکا و وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە وەکو تورکیاو ئیران وە چ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە تەواوی هەولەکان بە پلەی یەکەم بۆئەوەیە بەربگرن بەهەر جموجۆلیکی جەماوەری خەلکی تورەو نارازی عیراق، تەنهاوەکو چەکی خامۆشی رووبەرووبونەوە بەکاریا بهینن، بەکورتی و بەدیاریکراوی لە عیراقدا ئەمە ئەو سیناریۆیە رەشەیە کە بۆ خەلکی عیراق لەسەنگەدایە. هەر بەوپی یە هەموو ملهوری ودەخالەتیکی ئەمریکا و وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە تادەگات بە دەوری ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بە هەموو لق و پۆپ و بالەکانیانەوە کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیەو هەربەومانایەش دەبی لەلایەن جەماوەری مەحرومی عیراق و جەماوەری نارازی دژی شەر لەسەراسەری دنیادا بە ووتەی هاوری منصور حکمەت (دنیای متەمدن) دەبی لەدژی شەر خوازی ئەمریکا و دەخالەتگەریەکەی وەسەرجەم سیاسەتەکانی بەتایبەتیش سیاسەتی ئابلوقەی ئابوریدا بینە مەیدان و بەربگرن بەشەریکی خویناوی و بەربگرن بەکوشتاری ١١ سالەی خەلکی کە لە ریگای ئابلۆقەی ئابوریە وە بەریوە دەچیت.

بیگومان هاتنە مەیدانی بەرەی دژی شەرلە دژی ملهوری ئەمریکا لەسەراسەری دنیادا هاوکات هاتنە مەیدانی جەماوەری عیراق لەدژی ملهوری وشەری ئەمریکاو ئابلۆقەی ئابوریدا هەم دەتوانی بەر بگریت بەشەروکارەساتیك کەبەریوەیەو هەم دەتوانی هەنگاویکی سەربەخۆ و شۆرشگیرانەی جەماوەری مەحرومی عیراق بیت بۆ لابردنی کۆسپەکانی بەردەم خەباتیان بۆ روخاندنی رژیمی هارو درندەی بەعس و گۆربەگۆر کردنی ئەم رژیمە. لە فەزای کۆنەپەرستانەی جەنگی و لایەنەکانی دەگیر بەو جەنگەی کە خەریکە لەعیراق روئەدات فەزا بۆ هاتنە مەیدانی سەربەخۆی جەماوەری بی ئەندازە بەرتەسك کراوەتەوە و هەمووولایەنە دەرگیرەکان خەریکن ئەو قلشت و بۆشایانە بگرن کە لەحالەتی لیك ترازانی ئەوازعدا دیتە پیشەوە تورکیاو ئیران بۆ کۆنترۆلی خرۆشانی ئیحتمالی خەلکی کوردستان خەریکی نەخشەو پیلانی کۆنەپەرستانەن. رژیمی بەعس لەئیستادا فەزایەکی لە میلتاریزمی تەواو و ترس بلاوکردۆتەوە هیزە سەرکوتکەرەکانی گاردی کۆماری دەست لەسەر پەلە پیتکەی لە خوین کیشانی خەلکن، لە حالەتی شل بونەوەی دەسەلاتی بەعس و لیك ترازانیدا ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی مەجلس ئەعلی و جەنەرالەکان و دەستەو گروپی تری قەومی هەر هەموویان بەهاوکاری و بەپیی پلان و رینوینی ئەمریکا نەخشەی کۆنترۆل لەدەست نەچونی ئەوزاع و جلەو کردنی هەر نارەزایەتی و خرۆشانیکی جەماوەرییان بەدەستەوەیە و ئامانج بۆیان سو ئیستفادەکردنە لەتورەیی خەلك لە نیزامی درندەی بەعس و بە بارمتەگرتنی نارەزایەتی خەلك بۆ ئامانجە کۆنەپەرستانەکانیان.

ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقە کە بەزووی جیگای خۆی لە جەرگەی بزوتنەوەی وولاتانی دنیادا بە تایبەت ئەوروپادا لە دژی جەنگ وملهوری ئەمریکادا بگریت، حەقیقەت و ماهیەتی ئەم جەنگە، خەسلەتی کۆنەپەرستانەو کاریگەریە سیاسی وئابوری و کۆمەلایەتیەکانی لەبەرامبەر راگەیاندنی جەنگی و ئیدعاکانی یەکلایەنەی بورژوازی جیهانیدا بۆ خەلکی دنیا روونبکاتەوە. وەماهیەتی کۆنەپەرستانەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و ئامانجیك کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بەدواوەیەتی نیشان بدات. هاتنە مەیدانی قوتبیکی سیاسی وکۆمەلایەتی بەهیزی جەماوەری لەدژی شەر چ لە ئاستی دنیاو چ لەسەر ئاستی عیراق ئەو بەرەی دنیای متەمەدنە یە کە بەهاتنەمەیدانی نەك هەر دەتوانی مۆری خۆی بدات لە دنیای ئەم سەردەمە بەلکوسایە دەخاتە سەر سەرجەم نەخشەو سیاسەت و ئالوگۆرەکانی داهاتوی دنیاش، دنیا بەواقعی دەکاتە دوو ئۆردوی تازە. ئۆردوی بورژوازی و نەزمە پر شەرماوەرەکەی بەدەولەت و ئەحزاب و بزوتنەوە رەنگاورەنگەکانیەوە لەگەل ئۆردوی جیهانی بەشەریەتی ئازادیخواز.

*ئایندەی رژیمی بەعس و دەوری خەلکی نارازی و بەرەی رادیکال.*

ئایندەی رژیمی بەعس لەبەردەم هەرەشەی جدی ئەمریکاو ئۆپۆزیسیۆنە بورژوازیەکەیدایە، دیارە ئەمریکا لەکیشمە کیش و شەری خۆیدا لەگەل ئەم نیزامە هارەی بەعس، هەرگیز بەدوا روخاندنی ئەم رژیمە وەکو رژیمیکی سیاسی وئیستبدادی و قەومی و هینانە سەرکاری حکومەتیکی مۆدیرنەوە نیە، ئەمریکا دەیەوی کە بە کەم دەردیسەرترین کیشەو ئالۆزی خودی ئەم رژیمە مل بدات بە بریارەکانی مەجلس ئەمن و ئالوگۆریکی شکلی هەر لەو نیزامەدا پیك

بهینیت کە جیگای بەشیك لەدەست وپیوەندەکانی لە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیدا تیدا بیت، دیارە ئەگەر هیزەکانی ئەمریکا هەموو عیراقیش داگیر بکەن و کۆنترۆلی یەکجاری بکەن و حکومەتی بەعس بەتەواوی لەبەین بەری دیسان ناتوانی حکومەتی جی دلخوازی خۆی لە جیگای سدام حسین دابنیت، چونکە هەر حکومەتیکی لەوبابەتە کە لەئاکامی سەرکەوتنی ئەمریکادا و بەهۆی ئەمریکاوە بهینریتە سەر کورسی حوکم راستەو خۆ دەکەویتە بەرامبەر دژایەتی ناسیونالیزمی عەرەب لە جیهانی عەربیدا. هەرئیستا جیهانی عەرەب دژی ئەوەن رژیمی بەعس وەکو نیزامیکی سیاسی وقەومی لەدەسەلات بخریت. هەر بەوهۆیەوەیە ئەمریکا دەیەوی و هەموو هەولەکانی لەگەل ئۆپۆزیسیۆنی ئیستای بۆرژوازی عیراقدا بخاتە گەر بۆئەوەی وەکو نوینەری خەلکی عیراق نیشانیان بدات ودایان بسەپینی و نارەزایەتی سبەینی دنیای عەرەبیش بەوە خاوبکاتەوە کە بلیت ئەمانە ئۆپۆزیسیۆنی واقعی رژیمی بەعس و نوینەری چین وتویژەکانی تەوای خەلکی عیراقن، بەلام هاوکات لەدەست دەرچونی ئەوزاع لەدەستی ئەمریکا هەرەشەیەکی ترە بۆئەمریکا کە بەرودانی مەسەلەی دابەش بونی عیراق لەسەر بنەمای قەومی ودینی بیتە ئاراوە کە ئەمە بیگومان بەمانای وەریکەوتنی کیشمەکیشیکی مەنتقەی دەبیت و هەرەشە لەجغرافیای سیاسی ناوچەکە دەکات و کە ئەمە لەئیستادا هەرگیز لەگەل بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا نایەتەوە.

بۆیە ئەمریکا هەولی سەرەکی بۆئەوەیە کەبدیلیك هەر لەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئیستای بورژوازی عیراق ساغ بکاتەوە کە لەسەر پایەکانی هەمان نیزامی پیشودا بوەستی و ئالوگۆری بناغەیی لە نیزامی بەعسدا وەکو نیزامیکی سیاسی وقەومی رونەدات، ئەمریکا نیزامیکی دەویت کە بتوانی هەم جواب بەپیداویستیە ئابوری وسیاسیەکانی ئەمریکا بداتەوەو گوی لەمستی بیت وەهەم بتوانی سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی رادیکال و جەماوەری بکات.

تا ئەو جیگایەش بەخواستی خەلکی عیراق دەگەریتەوە خەلکی عیراق خوازیاری گۆربەگۆرکردنی سەراپای ئەم نیزامەن وەکو نیزامیکی سەرکوتکەرو قەومی ئیستبدادی بەمەبەستی دەستەبەربونی ژیانیکی ئازادانەو تەسەل و ئینسانی. کە ئەم خواستەی خەلك تەواو ناکۆکە لەگەل بەرژوەندیەکانی ئەمریکادا کە دەیەوی ئالوگۆریکی شکلی بەگۆرینی وەجبەیەك لەسەرانی دیکتاتۆر بە وەجبەیەکی تری گۆی لەمستی بگۆریت و بەر بگریت بە ئالوگۆری ریشەیی لەنیزامی سیاسی ئیستادا.

نەفرەتی جەماوەری عیراق لەو رژیمە لیواو لیوە. ئەمریکا ئەیەوی سو ئیستفادە لەو نەفرەت ونارەزایەتیە جەماوەریەی عیراق بکات بۆئەو ئالوگۆرەی خۆی مەبەستیەتی، سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەلك ببیت بۆ بەدیهینانی ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی.

هەر تەوەهومیك بەرامبەر بەسیاسەتی ئەمریکا و ئامانجیکی کۆنەپەرستانە کە بەدواوەیەتی لەلایەن خەلکی عیراقەوە بەمانای دووبارە بوونەوەی سیناریۆیەکی رەشە کە ئەمجارە لەسەر دەستی ئەمریکا دەورەیەکی تر کۆمەلگای عیراق بۆدەست راگەیشتن بەخواستە ئینسانیەکانی دەخاتە دواوە. لابردنی سدام حسین و هینانە سەرکاری دیوەزمەیەکی تر خواستی خەلکی عیراق نیە. خەلکی عیراق خوازیاری تەفروتوناکردنی رژیمی بەعسن لەسەروە تاخوارەوەی و خوازیاری نیزامیکن کە ئازادی و خۆشگوزەرانیان بۆ دەستەبەر بکات. ئەمە نە لەنەخشەی ئەمریکادایەو نە هیچ کات ئەرکی ئە و بووەو نە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عیراقیش هەلگری خواستیکی ئاوا رەواو ئینسانی خەلکی عیراقە.

رژیمی بەعس دەبی دەبی برۆات و نیزامیکی سکولارو مەدەنی بیتە سەرکار، ئەمە ئەرکی جەماوەری ستەم لیکراو نارازی عیراقە، ئەرکی ئەوجەماوەرە ملیۆنیەیە کە لەبەرامبەر نیزامی هارودرندەی بەعس و بۆمباران و ئابلۆقەی ئابوری ئەمریکاو غەربدا وە تەنگ هاتوە.

دەست راگەیشتن بە نیزامیکی سکولارو ئینسانی بەر لەهەموو شت لەگرەوی ئەوەدایە کە جەماوەری عیراق چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەی وولات هیچ تەوەهومیکیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو غەرب وە بەئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی عیراق نەبیت، وە ئاسۆی خۆیان بەتەواوی لە ئاسۆی ئەوان جیابکەنەوە و بە هەرشیوەیەك کە بۆیان دەکریت لەپال شیعاری روخاندنی رژیمی هارو درندەی بەعسدا شیعاری نا بۆ ئابلۆقەی ئابوری و شەرخوازی ئەمریکا بەرزبکەنەوەو بە ریزی بزوتنەوەی

www.kurdistannet.org

دژی شەر و ئینسانیەتی ئەم سەردەمە پەیوەست بن لە وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکا دا، ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئیرادە نواندنی سەربەخۆی جەماوەریان، گرتنە بەری ئەم هەلویست و ریگا شۆرشگیرانە سەربەخۆیە دەتوانی مۆری پیشکەوتنخوازی لە بزوتنەوەی خەلکی نارازی عیراق بدات، ولەگەل لەدەست دەرچونی ئەوزاع لەدەست ئەمریکاو هیزەکانی گۆی لەمستی و روخانی رژیمی بەعسدا ئەم جەماوەرە نارازیە دەتوانی و دەبی دەست ببات بۆ ئیبتکاراتی شۆرشگیرانە لەچەشنی مسادەرەی ئەموالی دەولەت و دەولەمەندان و بنیات نانی شورا کریکاری و خەلکیەکان لە ناوەندەکانی کارو بەرهەم هینان و گەرەکە هەژار نشینەکاندا، هەم وەکو ئەلگۆیەك بۆ بەدەست هینانی داخوازیەکانیان و هەم وەکو شیوازیکی بەدەستەوە گرتنی دەسەلات و بەریوەبردنی ژیانی ئابوری و سیاسی و لەسەرهەردو ئاستی مەحەللی وسەراسەریدا، ئەمە زامنی دەست راگەیشتنە بە ئایندەیەکی باشترو ئینسانی. حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق ئالاهەلگری روخاندنی رژیمی بەعس و دەست کۆتاکردنی ئەمریکایە بەشەرو سیاسەت و ئابلۆقەی ئابوریەکەیەوە وله ریزی پیشەوەی جەماوەری نارازی عیراقدا رادەوەستی بۆ کۆتایی هینان بە شەرخوازی ئەمریکاو سیاسەتەکانی وە بۆروخاندنی رژیمی بەعس و هینانە سەرکاری نیزامیکی جی دلخوازی پراوپری خەلکی مەحرومی عیراق کە ئازادی ویەکسانی و خۆشبەختی بۆ هەموان زامن بکات.

٩/١٤

www.kurdistannet.org